# درکپێکردنی سکیمای وێنەیی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا (سکیمای وێنەیی فەزا و جووڵە بەنموونە)

**کژاڵ جهابخش محمد [١]، سلام رحيم رشيد [٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (درکپێکردنی سکیمای وێنەیی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا، سکیمای وێنەیی فەزا و جووڵە بەنموونە) یە. هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی پەسنی بنەماکانی تیۆری سکیمای وێنەیی لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، هەروەها شرۆڤەی پەندی پێشینان و لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی کارایی سکیماوێنەییەکان و ئەندامی جەستە لەو پەندانەی هەڵگری ناوی ئەندامەکانی جەستەن، پەیوەست بە درکپێکردن و تێگەیشتنی واتای پەندی پێشینان. لە سیمانتیکی درکپێکردن (دروستەی چەمکی بەجەستە دەبێت) واتە بە پشتبەستن بە پەیوەندی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا، هەر مرۆڤێک تێڕوانینێک بەدەستدەهێنێت، کە دەرئەنجامی ئەم کارلێکەیە. یەکێک لە دروستە چەمکییە پڕ بایەخەکان لە لێکۆڵینەوەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، سکیماوێنەییەکانە لەچوارچێوەی وەچە تیۆری سیمانتیکی درکپێکردن، کە پێکهاتەیەکی فەزاییان هەیە، بە سەرەکیترین مۆدێلی درکپێکردن دادەنرێن. سکیماکان لە ژێر کاریگەری ئەزموونی فیزیکی جووڵە و تایبەتمەندی دەفر و قەبارەی دیاردەکان و بەکارهێنانی هێز و شکاندنی بەربەستەکان و دوری و نزیکی،...هتد چێوەوەردەگرن. سکیماوێنەییەکان مۆدێلێکی پەیپێبردنانەی پێش چەمکییانەن، کە لە قۆناغەکانی دواتردا، مرۆڤ بەسەر مەودای ئەبستراکتیش گشتگیریدەکات. هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش ئەم توێژینەوەیە، پەندی پێشینانی زمانی کوردی لەچێوەی سیمانتیکی درکپێکردن و بەتایبەت تیۆری سکیمای وێنەیی شرۆڤە دەکات، بەمەبەستی دەستخستنی شێوازی بەچەمککردنی ئەزمونی جەستەیی ئاخێوەران. لەم توێژینەوەیەدا، پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە، بەپێی بنەماکانی تیۆری سکیماوێنەییەکان و بە پشت بەستن بە فەرهەنگی پەندی پێشینان و ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەران نمونەکان شیکار کراون.

**وشەسەرەکییەکان:** پەندی پێشینان، بەجەستەکردن، سکیمای وێنەیی، سکیمای فەزا، سکیمای جووڵە.

## پێشەکی:

پەندی پێشینان ڕوونترین نموونەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆرن، کە لە هەموو گۆشەیەکی کەلتووری نەتەوەیی هەموو نەتەوەیەکدا دروستدەبن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێنەوە و پێویستە وەک گەوهەرێکی بەنرخ بپارێزرێن. لەڕاستیدا پەندی پێشینان دەکرێت خوودی کەلتوور بێت، کە مرۆڤ لەڕێگەیەوە دەتوانێت دەستبگات بە قووڵایی ئاوەز و بیرکردنەوە و باوەڕی هەر نەتەوەیەک. لە کەلتووری کوردیدا، تاکی کوردزمان لە هەر بەشێکی ئەم سنوورەدا ئەم بەرهەمە هونەرییانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بنیاتدەنێن.

لەمڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین پەندی پێشینان یەکێکە لە باشترین سەرچاوەکان بۆ توێژینەوە جۆراوجۆرەکان، لەوانەش توێژینەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن. لەسەر بنەمای ئەم قوتابخانەیە، ئەزموونەکانی مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە بەشێوەی چەمکە ئاوەزییەکان پرۆسێسدەکرێن. توێژەرانی ئەم قوتابخانەیە پەندەکان بە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ توێژینەوەکانیان دەزانن و میکانیزمە درکپێکراوە جۆراوجۆرەکانی وەک مێتافۆر، مێتۆنیمی، سکیمای وێنەیی و... لە لێکدانەوە و تێگەیشتن لە پەندەکاندا بەکاردەهێنن . سکیماوێنەییەکان بنیات و دروستەی پڕبایەخی زانستی زمانی درکپێکردن و بەتایبەت سیمانتیکی درکپێکردنن، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ئەوەی لەڕێگەی پەیپێبردنی دیاردەکانی دەوروبەرەوە بەهۆی هەستەکانەوە درکپێدەکرێت، دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی دروستەگەلێکی چەمکی، کە بۆ تێفکرین لە دیاردە ئەبستراکتەکان بەکاردەهێنرێن. بەبڕوای هەندێک لە زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردن، پێویستە لە پەندەکان بەشێوەیەکی ئاوەزی و ئەبستراکتییانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە تیۆرییەکان بکۆڵدرێتەوە چونکە دەتوانرێت دروستەئاوەزییەکان لەسەر بنەمای بنەما تیۆرییەکان پەسنبکرێن.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)

ڕێککەوتی: وەرگرتن: ٨ ئاب؛ پەسەندکردن: ١ی ئەیلوول ٢٠٢٤

توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٣ی تەمووز بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر ، kazhal.jihabakhsh@garmian.edu.krd

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کژاڵ جهابخش محمد، سلام رحيم رشيد. گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp97-105

بەوپێیەی پەندی پێشینان وەک نواندنێکی دیاری ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، کە ڕەگێکی قووڵیان لە کەلتووری کۆمەڵدا داکوتاوە. بۆیە لێکۆڵینەوە لە سکیماوێنەییەکان لە پەندەکانی زمانی کوردی یارمەتیدەرە بۆ ئاشنابوون و تێگەیشتن و درکپێکردن لەشێوازی ژیان و کەلتوور و ئاوەزی گەلی کورد.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە (درکپێکردنی سکیمای وێنەیی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا، سکیمای وێنەیی فەزا و جووڵە بەنموونە)یە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پەسنکردن و جێبەجێکردنی تیۆری (سکیمای وێنە)یە لە زمانی کوردیدا.

**سنووری توێژینەوەکە:** کەرەستە و داتای توێژینەوەکە لە زاری ناوەڕاست و لە فەرهەنگی پەندی پێشینان و ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەران وەرگیراوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە، بەپێی بنەماکانی تیۆری سکیمای وێنە، نموونەکان شیکارکراون.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بەگشتی لایەنی تیۆری بابەتەکە دەگرێتەوە، خۆی لە خستنەڕوی دەستپێك و ڕوانین و ڕاڤەیەك بۆ پەندی پێشینان و پێڕەوی چەمکی زمان، زانستی زمانی درکپێکردن و بنەماکانی، دیدگای درکپێکردنی بەجەستەکراو، سیمانتیکی درکپێکردن وەك لقێکی زانستی زمانی درکپێکردن، سکیمای وێنە و تایبەتمەندیی و جۆرەکانی دەبینێتەوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە کار لەسەر شرۆڤەکردنی پەندی پێشینانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری سکیمای وێنە دەکات. لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو لە توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

## 1- بەشی یەکەم:

### 1-1. دەستپێك:

زمان و کەلتور دو دیاردەن، خاوەنی پەیوەندییەکی تەواوکەرانەن، زمان بۆ مەبەستی بنیاتنانی پەیوەندی لە ئامێزی کەلتوردا چێوەدەگرێت، بەو واتایەی، کە پێویستی بە پاڵپشتیەکی کەلتورییانەیە. پەیکاڵ لەگەڵ ئەمەدا، کەلتوری هەر کۆمەڵێك لە ئامێزی زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە. لە هەر کۆمەڵێکدا دیاردەگەلێك هەن، کە دەتوانن کەلتوری ئەو کۆمەڵە لەڕێگەی زمانەکەیەوە بگوازنەوە، وەك جۆری بۆنەی کۆمەڵایەتی، خواردنەکان، جلوبەرگ، ئەفسانە، گۆرانی، دەربڕاوەچەسپاوەکان (پەند، ئیدیەم، قسەی نەستەق) ...هتد.

پەندی پێشینان لایەنێکی گرنگ و پڕبایەخە، ڕۆڵی بەرچاو لە ڕەنگدانەوەی کەلتوری کۆمەڵەکان لە زماندا دەبینێت. گیبس دەڵێت: پەندی پێشینان دەربڕاو و ڕستەیەکی روون و چەسپاون، کە ڕاستییە ناسراوەکان و نۆرمە کۆمەڵایەتی و مۆراڵییەکان دەگێڕنەوە. (Gibbs and et al,1996:13). پەندی پێشینان ڕستەیەکی کورت، بەناوبانگ و هەندێکجاریش ئاوازدارە، کە ئامۆژگاری و ناوەڕۆکی ژیرانە و ئەزموونی نەتەوەیی لەسەر بنەمای لێکچواندن، مێتافۆر، خوازە لەخۆدەگرێت، کە بەهۆی روونی وشەکان و روونی لە واتا و سادەیی و گشتگیرییەوە، بەناوبانگ و لەنێو خەڵکدا بەربڵاوە، بە گۆڕانکاری یان بەبێ گۆڕانکاری بەکاریدەهێنن. (ذوالفقاری،1392: 25). پەندی پێشینان وەک جۆرێکی تایبەتی و سەربەخۆی زمان، دەتوانرێت لێکۆڵینەوەیان لەسەربکرێت، بەکارهێنان و فراوانی پەندەکان و ڕۆڵی گرنگیان لە کەلتورسازیدا، پاشخان و زەمینەیەکی گونجاوی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەریان دابینکردووە.

لەڕوانگە و چوارچێوە زمانەوانییەکانەوە دەکرێت ئاورێک لە پەندی پێشینان بدرێت و لێیان بکۆڵدرێتەوە و شرۆڤەیان بۆبکرێت. یەکێك لەم چوارچێوانەش، سیمانتیکی درکپێکردنە. بەمەش توێژینەوەکە هەوڵدەدات، ژمارەی پەندی پێشینانی زمانی کوردی بە پشتبەستن بە فەرهەنگی پەند و سودوەرگرتن لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، لە چوارچێوەی سکیمای وێنەیی فەزا و جووڵە لە سیمانتیکی درکپێکردن بخاتەبەر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنەوە. بۆ ئەوەی بزانرێت ئەگەرەکانی چەشنی سکیمای وێنە لە زمانی کوردیدا چۆنە و لەکۆتاییدا بە پشتبەستن بە دەرئەنجامی شیکاری داتاکانی ئەم بابەتە هەڵوێستی ئاخێوەری زمانی کوردی لە بەکارهێنانی پەندەکان لەگەڵ چەشنە دیاریکراوەکانی سکیمای وێنە چییە؟

### 1-2. پێڕەوی چەمکی زمان:

لە زانستی زمانی درکپێکردندا لێکۆڵینەوە لە زمان بەوشێوەیە ئاراستەدەکات، کە زمان مۆدێلە ئاوەزی و بیریەکانی مرۆڤ دەنوێنێت، بەمەش لێکۆڵینەوەی زمان لەڕوانگەی، لێکۆڵینەوە لە مۆدێلەکانی بەچەمککردنە، زمان دەروازەیەکە بەرەو کردە درکپێکردنەکانی مرۆڤ و دەرخەری بیر و باوەڕ و ئاوەزمەندێتی مرۆڤە. (Evans & Green, 2006: 5) .

دیدگای قوتابخانەی درکپێکردن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە مامەڵە لەگەڵ دیاردەی ئەبستراکتدا دەکات، ڕوداوەکان و شتەکان بەوجۆرەی، کە هەن لە ئاوەز گەنج نابن، بەڵکو نواندنەکانیان (Representation) لەئاوەز هەڵدەگرێت. هەروەها ئەم نواندنانە لە چوارچێوەی چەمکێکی گشـــتی ژمارەیەك ئەزمونی جیاجیا لەیەکتر لەخۆدەگرێت، لەمەشــــەوە کۆزانینی مرۆڤ لەچوارچێوەی پۆل (Categorie) و چەمکگەلێك چێوەدەگرن، نەك ڕوداوی لەیەکتر جیا و سەربەخۆ. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە دەکرێت چێوەگرتنی ئەم چەمکانە هەڵقولاوی سەرچاوەیەك بن، ئەمەش وایکردووە دروســـتبونی چەمکەکان یەکێک لەو بابەتانە بێت، کە لە چەند دەیەی ڕابردودا ببێتە جێگەی سەرنجی دەروناسەکان.

کۆزانینی مرۆڤ لە جیهان، لە چەمکەکان و پەیوندیان دروستدەبێت، بۆنمونە لە وشەی (باڵندە)دا، ئەم چەمکە لەجیهانی کەتوار، بە تەواوی ئەو دیاردانەی، کە هەڵگری تایبەتمەندی گەلێکی تایبەتن دەوترێت. چەمکەکان دروست یان هەڵە نین، بەڵکو پەیوەندی نێوان چەمکەکان خاوەنی بەهای ڕاستییە (وەك ئەوەی، کە دەڵێین تەواوی مراوییەکان باڵندەن). چەمکەکان لەڕێگەی گەیشتن بە ئەم پەیوەندییانەی، کە شیاوی سەرنجدان و بینینن، بەشێك لە کۆزانینمان بنیاتدەنێن. پەیوەست بەم لایەنەشەوە، چەمکەکان چەندین جیاکاری دەخەنەڕو، کە لە ڕێیانەوەو لەسەر بنەمای ئەو جیاکارییانە، دەتوانرێت کارێکی تایبەت ئەنجامبدرێت. بۆنمونە کۆزانینی تاك پەیوەست بە چەمکی باڵندە ئەو توانایەی پێدەدات، کە [+باڵندە] لە [-باڵندە] جیابکاتەوە، بەمەش چەمکەکان بەشێکی گرنگی کۆزانینی تاکن لەجیهانی دەوروبەر.

زانستی زمانی درکپێکردن وەك دیاردەیەك لە زمان دەڕوانێت، کە لە دروستەی چەمکی و میکانیزمە درکپێکردنەکان سودوەردەگرێت. دروستەی زمان وابەستەی بەچەمککردنە، لەکاتێکدا بەچەمککردن لەژێر کاریگەری ئەزمونی تاك، جیهانی دەوروبەرو پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدایە. لەمڕوانگەیەوە زمان تەنها سیستەمێك لە نیشانەی باو و دیاریکراو نییە، بەڵکو زمان پەیوەست و وابەستەی کۆزانینی مرۆڤ و ئەزمونی جەستەییدایە و لەژێر کاریگەرییاندایە.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp97-105

**3-1. زانستی زمانی درکپێکردن و بنەما گرنگەکانی:**

زانستی زمانی درکپێکردن لقێکی نوێی زمانەوانییە، کە تێیدا جەستە و ئاوەز پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، کە بەدواداچون بۆ پەیوەندی نێوان زمان، ئاوەز، ئەزمونە کۆمەڵایەتی و جەستەییەکانی مرۆڤ دەکات. لەم دیدگایەدا، زمان ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوە و تایبەتمەندییە ئاوەزییەکانی مرۆڤە، بەمەش لێکۆڵینەوە لە زمان بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی بەچەمککردن.

بەبڕوای لاکۆف بزوتنەوەی زانستی زمانی درکپێکردن بە دو بنەمای بنەڕەتی دەستنیشاندەکرێت. (Lakoff,1999:24). بەمشێوەیە ئەگەر هەر لێکۆڵینەوەیەک بەپێی بنەمای قوتابخانەی درکپێکردن و لە دو لقە سەرەکییەکەی زانستی زمانی درکپێکردن، واتە سیمانتیکی درکپێکردن و ڕێزمانی درکپێکردن ئەنجامبگرێت، پێویستە پابەندی ئەم دو بنەمایە بێت.

**1-3-1. بنەمای گشتاندن:**

لەزۆربەی ڕێبازە زمانەوانییەکاندا پێڕەوی زمان دابەشدەکرێت بەسەر پێکهاتەکانی وەک فۆنۆلۆژی، واتاسازی، وشەسازی، سینتاکس، لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان و لێکۆڵینەوە لە هەر پێکهاتەیەك بەجیا ئاساییە، لەئەنجامدا بۆ هەر پێکهاتەیەك پرەنسیپ و ڕێسای تایبەت بەخۆی دەخرێتەڕو، ناتوانرێت بۆ هەموو پێڕەوەکە بگشتێنرێت. بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن بەپشتبەستن بە بنەمای گشتاندن، بەرپەرچی دیدگای مۆدالێتی لە لێکۆڵینەوەی زماندا دەدن و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە لایەنە جیاوازەکانی کۆزانینی زمانی لەسەر بنەمای هەندێک توانای درکپێکەرانە بنیاتدەنرێن و ئەم تواناییانە گشتین و لە پێکهاتەیەکەوە بۆ پێکهاتەیەکی تر جیاواز نین. بڕوانە (قادر، 2012: 86). لەڕاستیدا زانستی زمانی درکپێکردن بەهۆی سێ بابەتی گرۆکی واتە (پۆلێنکردن، فرەواتایی، میتافۆر) بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە چۆن پێکهاتە جیاوازەکانی زمان خاوەنی تایبەتمەندی بنەڕەتی هاوبەشن.

**2-3-1. بنەمای درکپێکردن:**

بەو شێوەیەی، کە بنەمای گشتاندن لێکۆڵینەوەی لەسەر بنەمای دروستە زمانییەکان دەکرد، کە سەرجەم لایەنەکانی زمان بەشێوەیەکی پەیوەستدار و وابەستە بەیەك لەخۆبگرێت، پەیکاڵ لەگەڵ ئەمەشدا مەبەست لە بنەمای درکپێکردن ئەوەیە، کە بنەمای حاکم لەسەر کارکردنی مێشک و ئاوەز پەیوەست بە لێکۆڵینەوەی زمان، درکپێکەرانەیە، واتە لە مامەڵەکردنی توانا درکپێکراوەکانی دیکەدا لێیدەکۆڵێتەوە. ئەم بنەمایە ئەوە دەگەیەنێت، کە بنەماکانی بەڕێوەبردنی دروستەی زمان پێویستە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی، کە لە زانستە درکپێکراوەکانی تردا پێشنیازکراون هاوتەریب بن، چونکە زمان یەکێکە لە توانا درکپێکراوەکان.(محمد، 1379: 20).

**4-1. دیدگای درکپێکردنی بەجەستەکراو/Embodied Cognition):**

پابەندبوون بە دوو بنەمای گشتاندن و درکپێکردن، پەیکاڵ لەگەڵ دیدگای درکپێکردنی بەجەستەبو، تێڕوانینی درکپێکەرانە بۆ زمان دەستنیشاندەکات. دیدگای درکپێکردنی بەجەستەبو پەیکاڵ لەگەڵ سێ ڕەهەندی (ژینگە/environment، ئەزمون/experience، پەیپێبردن/perception) پەسندەکرێن. بەوپێیەی مرۆڤ پێکهاتەیەکی درکپێکەرانەی دەماری و ئەناتۆمی هاوبەشی هەیە (واتە لێکچونی پێکهاتەیی لەڕوی ئاوەز، جەستە و مێشك)هوە، سروشتی ئەزمونەکەیان و جۆرەکانی سیستەمی چەمکی ئەگەری پەیوەستە بەم ئەزمونە سنورداره. بۆنمونە مرۆڤ توانای پەیپێبردنی بە تیشکی سەروبنەوش نییە، بەمەش ئەزمونی لەو تیشکەدا، سنوردارە، لە ئەنجامدا مەودای ئەو چەمکانەی، کە لەسەر ئەم بنەمایە بنیاتنراون، سنورداردەبن. (Evans & Green, 2006: 64).

**1-4-1. ژینگە:**

ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا دەژی سەرەڕای جیاوازییە جوگرافی و دەوروبەرییەکەی، کە هەر تاکێك تێیدایە، چەند ڕوییەکی هاوبەشی هەیە. مرۆڤەکان لە هەمو شوێنێکی زەویدا بە یەکسانی پەی بە هێزی کێشکردن و یاسا فیزیاییەکانی دیکە دەبەن، ئەم تایبەتمەندییە ژینگەییە باوانە سنورێک بەسەر ئەزمونی درکپێکردنانەی مرۆڤدا دەسەپێنن.

**2-4-1. ئەزمون:**

یەکێك لە ڕەهەندەکانی درکپێکردنی جەستەییانە(بەجەستەبو)چەمکی ئەزمونە. ئەزمونیش دو جۆرە: 1-ئەزمونی هەستەکی(sensory experience) 2-ئەزمونی کەسییانە/خودی(introspective or subjective experience). هەرچی یەکەمیانە لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە دێتەکایەوە و پەیوەستە بە زانیارییە پەیپێبراوەکان لەجیهانی دەرەوە. (محمد، 2024: 53)هەرچی دووەمیشە خاوەنی سروشتێکی دەرونی/ناوەکییانە و کەسییە و هەست و سۆز، ئاستی هۆشیاری و ئەزمونی چنگکەوتو لە کات دەگرێتەوە. (Evans & Green,2006: 64-65). بەبڕوای هەندێك لە زمانەوانان، ئەزمونە هەستەکییەکان دەکرێت وەك مەودایەکی کۆنکرێتی و ئەوی دیکەش وەك مەودایەکی ئەبستراکت لەبەرچاوبگیرێت. (محمد، 1386: 9). بەهۆکاری ئەوەی، کە بەچەمککردنەکانی مرۆڤ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مەودا ئەبستراکتەکانی ئەزمون لەسەر بنەمای مەودا کۆنکرێتییەکان درکپێکراو دەبێت.

**3-4-1. پەیپێبردن:**

پەیپێبردن ڕەهەندێکی دیکەی درکپێکردنی بەجەستەبووە. ئەزمونی هەستەکی مرۆڤ لەڕێگەی پێنج کەناڵی هەستەوەری و میکانیزمەکانی پەیپێبردن دەستدەخرێت، ئەوەی پەیپێدەبرێت، کتومت یەکسان نییە لەگەڵ ئەو شتەی، کە ئەزموندەکرێت. دەرونناسی گشتاڵت، زانستێکە، کە لە هەوڵی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی پەیپێبردندایە. میکانزمی لەمشێوەیە دەبێتەهۆی ئەوەی، کە مرۆڤ لە ئەزمونێکی ناکامڵ/ناتەواو پەیپێبردنێکی تەواو/کامڵ یان گشتاڵتی دەستدەخات. لەڕاستیدا ئەم بنەما هاوبەشە گشتاڵتییە، چۆنییەتی پەیپێبردنمان لە ئەزمونەکان سنورداردەکات، ئەم سنورداركردنەش دەبێتەهۆی بنیاتنانی هاوبەشییەك لە چۆنییەتی درکپێکردنی مرۆڤ. (سەرچاوەی پێشوو: 9).

**5-1. سیمانتیکی درکپێکردن:**

لە زانستی زمانی درکپێکردن لێکۆڵینەوە لە واتا پربایەخ و جێگەی گرنگیپێدانە. لە دیدی زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە وەك لقێکی زانستی زمانی درکپێکردن، واتا لەسەر بنەمای دروستەی چەمکی بنیاتدەنرێت، بەمەش دروستەکانی واتا وەك مەودا درکپێکردنەکانی دیکە، ئەو پۆلە ئاوەزییەکان دەنوێنن، کە مرۆڤ لەڕێگەی ئەزمونەکانییەوە چێوەی پێبەخشیون. سکیمای وێنە بە یەکێك لەو دروستە چەمکییە پربایەخانە لە لێکۆڵینەوەکانی سیمانتیکی درکپێکردن دادەنرێت و بنەمایەکی تیۆری گرنگ لەسەری دامەزراوە.

## 2-بەشی دووەم:

**1-2. سکیمای وێنە:**

ڕەگ و ڕیشەی چەمکی سکیمای وێنە دەگەڕێتەوە بۆ دەرونناسی گشتاڵتی (Rudolf Arnheim)و دیاردەناسیی جەستەیی (Maurice Merleau-Ponty)، ئەم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp97-105

چەمکە لەسەرەتای دەیەی هەشتاوە بە لێکۆڵینەوەی مارك جۆنسن هاتە نێو زانستی زمانەوە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (Kimmel, 2009: 159). لەزانستی زماندا مەبەست لە بەجەستەکردن (embodiment) ئەزموونگەلێکن، کە لەمیانەیانەوە جەستەی تاك و مامەڵە و کارلێکە جەستەییەکانی لەگەڵ دەوروبەری، پێکهاتەیەك بە بیرکردنەوە، کردەوە، شوناسە کەسی و کەلتوورییەکانی دەبەخشێت. باوەڕ بە زمان و ئاوەزی بەجەستەکراو، واتە قایلبون بەوەی، کە هێما باوەکانی مرۆڤ، ڕەگیان لە مۆدێلە دوبارەبووەکانی ئەزمونی جەستەییەوە هەیە. بۆیە لێکۆڵینەوەی بەجەستەبون پێویستی بە تێڕامانە پەیوەست بە بیرکردنەوە و زمان، کە لە کارلێکی داینامیکی بەردەوامی نێوان ئاوەز، جەستە و جیهانەوە سەرهەڵدەدات. (Gibbs, 2017: 450). تێڕوانینەکانی قوتابخانەی درکپێکردنیش بەو ئاراستەدایە، کە ئەزمونە بەدەستهاتووەکانی مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە، دروستەگەلێك لەئاوەزیدا بنیاتدەنێن، کە دواتر بۆ زمانەکەی دەیگوازێتەوە و دەبنە دروستەی چەمکی، کە بە سکیمای وێنە ناوزەددەکرێن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (محمد، 2024: 53). ڕوونتر، سکیمای وێنە جۆرێکە لە دروستەی چەمکی، کە لەسەر بنەمای ئەزمونی جیهانی دەرەوە لە زمانی تاکدا دەردەکەوێت. لە کتێبی (جەستە لە ئاوەز)ی جۆنسن (1987) بنەمای جەستەییبونی واتا بەپێی دروستەی سکیماوێنەییەکانەوە پەسنکرا. ڕەنگە پەسنێکی گشتگیر پەیوەست بە سکیمای وێنە وەك یەکێك لە گرنگترین چەمکەکانی زانستی زمانی درکپێکردن و بەتایبەت سیمانتیکی درکپێکردن بەمشێوەیە بێت، کە جووڵەی جەستەیی، بەکارهێنان و دەستکاریکردنی شتەکان و مامەڵەی درکپێکەرانەی مرۆڤ، لە مۆدێلە دوبارەبو و داینامیکییەکان دەستەدەخرێن، کە بە بێ ئەوانە ئەزمونەکانی مرۆڤ شیاوی تێگەیشتن نابن. توێژەران پێیانوایە، کە سکیماوێنەییەکان لەنێو هەمو مرۆڤەکاندا هاوبەشن. (اونگرر و اشمیت، 1397: 164). سکیمای وێنە چوارچێوەی ئاوەزی بۆ ڕێکخستنی گۆزانینەکانن، کە بنیاتێکی/دروستەیەکی واتادار لە چەمکە پەیوەندیدارەکان دێننەکایەوە. (استرنبرگ، 1392: 407).

**2-1-1. تایبەتمەندییەکانی سکیمای وێنە:**

سکیماوێنەییەکان خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکی گرنگن: بڕوانە (قائمی نیا، 1390: 61-57)و (حەمەحسێن، 2023: 38-39).

1-سکیماوێنەییەکان لە بنەڕەتدا پێش چەمکیین و ڕاستەوخۆ ڕەگیان لە ئەزمونی جەستەییەوە هەیە.

2-سکیماوێنەییەکان لە خۆیاندا واتادارن، واتە خاوەنی دەرئەنجامە پێشبینیکراوەکانن. بۆنمونە ئاوی ناو پەرداخێک بۆ لای چەپ و ڕاست بجوڵێنین، بەم کارە ئەو کۆنترۆڵە تایبەتەی هێز-داینامیک دەگۆڕین، کە شوشەکە لەسەر ئاوەکە هەیەتی و ڕێگریدەکات لە ڕژانی ئاوەکە. ئەو هێز-داینامیکییەی، کە دەتوانرێت لەم سکیمای دەفرەدا ببینرێت، لە زمانی تاکدا ڕەنگدەداتەوە.

3-سکیمای وێنەیی وەک وێنە ئاوەزییەکان نین. مرۆڤ کاتێک چاوی دادەخات و کەسێک یان شتێک دەهێنێتەوە بیری خۆی، وێنەیەکی ئاوەزیی هەیە (نەک سکیمای وێنەیی) لەو کەسە. وێنەی ئاوەزی بەرهەمی پرۆسەی درکپێکراوی هۆشیارانەیە، کە وردەکاری زیاتر پیشاندەدەن و لەبیرهێنانەوەی بیرەوەری بیراوەوە دەستدەکەون. بەڵام سکیماوێنەییەکان سروشتێکی ئەبستراکت و گشتییان هەیە و لە ئەزمونی فیزیکی بەردەوامەوە چنگدەکەون. مرۆڤەکان ناتوانن تەنها بە داخستنی چاوەکانیان بەبیریان بهێننەوە، بەڵکو دەبێت چالاکییەکانی دیکەش ئەنجامبدەن.

4-سکیماوێنەییەکان فرەلایەنن و لە جۆرە جیاوازەکانی ئەزمونی هەستەکییەوە وەرگیراون.

5-سکیمای وێنەیی خاوەنی تایبەتمەندی کارلێککەرانەیە، بەو واتایەی، کە ئەوان دەرئەنجامی پەیوەندی فیزیکی ئێمەن لەگەڵ جیهانی دەوروبەر، بۆنمونە ئەم تایبەتمەندییە لە سکیمای هێزدا دەبینرێت. ئێمە لە کارلێکەکانمان لەگەڵ جیهانی دەوروبەرماندا هەست بە هێز دەکەین. کاتێک دەمانەوێت بەردێکی گەورە بجوڵێنین یان ئۆتۆمبێلێک پاڵ بنێین، لە چەمکی کارلێککەری هێز تێدەگەین. (Johnson,1987: 43 ).

6-سکیماوێنەییەکان بەشێوازی ئەنالۆگ (لەیەکچو)و بەردەوام لەژێر هزردا بونیان هەیەو لەپاش سەربەخۆبونیان چەمکەکانیان لەیەکدی جیادەبنەوە، بە واتایەکی دیکە پێش ئەوەی چەمکەکە دروستبێت، گۆزانین دەربارەی چەمکەکان لەئاوەزدا بونیان هەیە، چەمکەکان لەئاوەزدا نزیکیەک لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام کە بون بە چەمک جیادەبنەوە.

**2-1-2. جۆرەکانی سکیمای وێنە:**

لەڕاستیدا چەندین جۆری پۆلێنکردن پەیوەست بە سکیمای وێنەیی لەلایەن زمانەوانانی قوتابخانەی درکپێکردنەوە پێشکەشکراوە، کە سەرەتای ئەو دابەشکارییە لەلایەن جۆنسن، لە کتێبی (جەستە لەئاوەز)خرایەڕو و سکیماوێنەییەکانی وەك: سکیمای وێنەیی دەفری، جووڵەیی، هێز، سەرچاوە، ئاراستەیی، مەبەست، ڕەوت، بەش-گشت/بەشەکی-گشتەکی، پێوانە، سوڕ/خول، ناوەند-دەوروبەر، تێپەڕبون،...هتد بو(Jhonson,1987:113-126)، دواتر لەلایەن زمانەوانانی دیکەوە پەیوەست بەم لایەنەوە پۆلێنبەندی سکیماوێنەییەکان خراوەتەڕو. بڕوانە ( Evans & Green, 2006:190) (Turner,1996:27-30). بەگشتی گرنگترینی سکیماوێنەییەکان، کە زمانەوانانی ئەم قوتابخانەیە لەسەری کۆك بن، بریتییە لە سکیمای وێنەیی دەفری، جووڵەیی، هێز. بوونی ئەو سکیمایانە لە بنیاتنانی زمانی ڕۆژانەدا پڕبایەخ دەنوێنرێن و هەڵقوڵاوی ئەزمونی هەستەکی مرۆڤن و لەسەرەتای گەشەی مرۆڤەوە دروستدەبن. توێژینەوەکە پەیوەست بە پەسنی جۆرەکانی سکیمای وێنە، پۆلێنبەندی (Evans & Green, 2006:190) لەبەرچاودەگرێت، کە لەخشتەی (1)دا نوێنراوە و پەیکاڵ لەگەڵ خستنەڕوی هەریەك لە جۆرەکانی سکیمای وێنەیی (فەزا، جووڵە) لەمڕووەوە، نمونەی پەندی پێشینانی زمانی کوردییش شرۆڤەدەکات. بۆ ئەمەش بڕوانە بەشی (2-2)ی توێژینەوەکە.

خشتەی(1)

پۆلێنبەندی سکیمای وێنە لای ئیڤانز و گرین.

| | |
|---|---|
| فەزا/Space | (سەرەوە-خوارەوە/Up-Down) ، (ناوەند-دەوروبەر/Centre-Periphery)، (چەپ-ڕاست/,Left-Right) (نزيك-دور/Near-(Far)،(پێشەوە-دواوەوە/-Front Back,)، (بەرکەوتن/contact)، (ڕاستەوخۆ/ڕاست/straight)، (ستونی/verticality) |
| جووڵە/ Locomotion | (سەرچاوە-ڕێڕەو-ئامانج/Source –Path-(Goal ، (هێزی جوڵەیی/Momentum) |
| دەفربون/ Containment | (دەفر/Container)، (پڕ-بەتاڵ/Full-Empty)، (ناوەوە-دەرەوە/In-Out). |
| هاوسەنگی/ Balance | (تەوەری هاوسەنگی/Axis Balance)، (هاوسەنگی دو تەوەر/ Twin-pan balance)، (باری هاوسەنگی/Equilibrium). |
| هێز/Force | (ناچارکردن/Compulsion)، (دژەهێز/Counterforce)، (بلۆککردن/Blockage)، (لادان/Diversion)، (لابردنی بەربەست Removal of Restraint)، (دەسەڵاتپێدان/Enablement)، (هێزی ڕاکێشان/Attraction)، (بەرگریکردن/resistance)، |
| یەکگرتویی/unity | (تێکەڵکردن/یەکگرتن/merging)، (بەش-گشت/part-whole)، (لکێنەر/Link)، (دوبارە/Iteration)، (کەرتبون/Splitting)، (کۆکردنەوە/Collection) |
| یەکسانی/identity | (گونجاندن/Matching)، (سەرپەرشتیکردن/Superimposition) |
| بون/existence | (خول/Cycle)، (بەرکار/Object)، (پرۆسە/Process)، (لابردن/removal)، |

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp97-105

**2-2. درکپێکردنی پەندی پێشینان بەپێی تیۆری سکیمای وێنە:**

لەو مۆدێلەی پەیوەست بە پۆلێنبەندی سکیماوێنەییەکانەوە لەلایەن (ئیڤانز و گرین)هەوە خراوەتەڕو، سکیماکان خۆیان لە ماکرۆپۆلێنبەندییەکدا، وەک: سکیمای وێنەیی دەفربون، سکیمای وێنەیی فەزا، سکیمای وێنەیی هێز، سکیمای وێنەیی هاوسەنگی،...هتد دەبینینەوە، بەمەش پەیوەندی نێوان ئەو سکیماوێنەییانەی، کە لەژێر چەترێکدا کۆدەبنەوە، بەدیدەکرێت. هەروەها لەم مۆدێلەدا سکیماوێنەییەکان گشتیتر لەبەرچاودەگیرێن و لەهەمانکاتدا یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی لایەنی ئابوریانەی مۆدێلەکە. ئەمانەش دەکرێت پاساوێکی گونجاو بێنەپێشچاو بۆ هەڵبژاردنی ئەم مۆدێلە لە پۆلێنبەندی سکیماوێنەییەکان لەم توێژینەوەیەدا، بەمەش هەوڵدەدرێت بەپێی پێویست لە شرۆڤەی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا پشتی پێببەسترێت و ژمارەیەك پەندی پێشینان، کە بەشێك لە ئەندامەکانی جەستە (وەك چاو، دەست، دڵ،...هتد.) تێیدا بەکارهاتون، لەچوارچێوەی سیمانتیکی درکپێکردن و تیۆری سکیمای وێنە شرۆڤەبکات.

بەوپێیەی، کە سکیماوێنەییەکان لەئەنجامی پەیپێبردن و کارلێککردنەکانمان لەجیهانی دەرەوە سەرچاوەدەگرن، پەیوەست بەم لایەنەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات، کە بە بەکارهێنانی نمونەی کۆنکرێتی لە ئەزمونی هەستپێکراوی ڕۆژانە، سەرەتا پەسنی چۆنییەتی چێوەگرتنی سکیماکان و پاشان ئەو پەندانەی ناوی ئەندامی جەستە لە چێوەگرتنی سکیمای وێنە بەشدارن، بخاتەبەر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن. بۆئەمەش لە هەریەك لە جۆرەسەرەکییەکانی سکیمای وێنەیی لای (ئیڤانز و گرین)، سکیمای (فەزا، جووڵە)هەڵدەبژێردرێت و پەسن و شرۆڤەی پەندی پێشینانی لەسەر جێبەجێدەکرێت.

**1-2-2.سکیمای وێنەیی فەزا:**

مرۆڤ بەهۆی پێوانەکردنی خۆی لەگەڵ کەسانی دیکە، هەروەها لەگەڵ دیاردەی دیکە پەیوەست بە خۆی، وێنەیەکی فەزایی لەئاوەزیدا بنیاتدەنێت، کە بەهۆیەوە دەتوانێت، شوێن و بارودۆخی دیاردەکان پەیوەست بەیەکتر و پەیوەست بە خۆیەوە بە شێوەی جۆراوجۆر وێنابکات. ئەم چەشنە وێناکردن و مۆدێلە ئاوەزییە، سکیمای فەزای پێدەوترێت و چەندین جۆری هەیە:

**سەرەوە-خوارەوە:** یەکێك لە جۆرەکانی سکیمای فەزا، سکیمای وێنەیی (سەرەوە-خوارەوە)یە، کە تێیدا مرۆڤ بە تەوەرەییکردنی شتێك یان جەستەی خۆی، باروودۆخ و شوێنی دیاردەکان هەمبەر بەو شتە پێوانەدەکات و لە ئاستێکی سەرەوە یان خوارەوە یان هەمان ئاست درکپێدەکات و وێنەیەکی ئاوەزی لەو شتە لەئاوەزی خۆی دێنێتەکایەوە، ئەمەش هەمان سکیمای (سەرەوە-خوارەوە)یە. بڕوانە نمونەی(1).

1أ- ئێمە بۆ نهۆمی سەرەوە، سەرکەوتین، ئەوان هێشتا لە نهۆمی خوارەوەن.

1ب-سالآنی پێشو ڕێژەی ئاوی بەنداوی دوکان نزم بووەوە، بەڵام ئەمساڵ بەرزبۆتەوە.

لە (1أ)دا (نهۆم) دەبێتە خاڵێکی پێوانەکردن، کە بەو پێیە باروودۆخەکە دەپێورێت و قسەکەر خۆی لەسەرەوە و (ئەوان) لەخوارەوە دەبینێت. هەمان ڕاستی بۆ(1ب) دەگونجێت. لەڕوانگەیەوە، مرۆڤ بەهۆی ئەزمونەکانییەوە، درك بەوەدەکات، کە ڕۆیشتنە سەرەوە پەیکاڵە لەگەڵ (زۆربون)ی شتێك. بۆنمونە، کە شلەیەك دەکرێتە قابلەمەیەکەوە، ئاستی شلەکە بەرزدەبێتەوە و پێچەوانەکەشی ڕاستە وەك ئەوەی کاتێك کەسێك پەرداخێك شەربەت دەخواتەوە، کە شەربەتەکە کەم دەبێتەوە ئاستەکەشی دێتەخوارەوە و دادەبەزێت. لەمەشەوە ئەزمونی چنگکەوتو لەو شتە مادییانەیە، کە سکیمای (سەرەوە- خوارەوە) لەئاوەزی مرۆڤ چێوەدەگرێت و قایلبون بەم تایبەتمەندییە بۆ دیاردەی ئەبستراکت دەستدەخات و ئەو توانایە بە مرۆڤ دەبەخشێت چەمکی بەرزبونەوە، زۆربون لە ڕستەی (لە وەرزی دووەم نمرەکانی شاجوان بەرزبۆتەوە) بەهۆی ئەم سکیماوێنەییەوە بخاتەڕو. بڕوانە نمونەکانی (2) لە پەندی پێشیناندا.

2أ-دەستی ماندو لەسەر زگی تێرە. (خاڵ، 1969:195).

ب-لوتی لە ئاسمانە.

پ-سەر لەبن بەردا بی، لەبن منەتا نەبی. (خاڵ:244).

ت-ئەو سەرینە بخەرە ژێر سەرت. (خاڵ:52).

د-دەردی دڵ بۆ ژێر گڵ.

لەنمونەکانی (2أ-پ)دا، جیاوازی (سەرەوە- خوارەوە) بەهۆی چەمکە ئەبستراکتەکانەوە هەستپێکراوە، کە بەهۆی دەربڕینێکی میتافۆرییانەوە، شوێنی (دەست) لە (2أ)و (لوت) لە (2ب)و (سەر) لە (2پ) بەم چەشنە سکیمایە دەخرێتەڕو. لەڕوانگەیەوە بە سودوەرگرتن لە سکیمای (سەرەوە-خوارەوە) چەمکە ئەبستراکت و میتافۆرییەکانیش بۆ مرۆڤ شیاوی درکپێکردنن، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت ئەزمونە کۆنکرێتییەکانی لە چەمکە ئەبستراکتەکاندا بەکاربهێنێت، بەواتا دەبینین، چۆن مرۆڤ ئەوەی لە(سەروە-خوارەوە) لە دیاردەکانی دەوروبەری درکپێدەکات، بۆ دیاردە ئەبستراکتەکان دەیگشتێنێت. هەمان ڕاستی بۆ (2ت-د) دەگونجێت.

**ناوەند-دەوروبەر:** ژیانی مرۆڤ لە جەستەیەوە سەرچاوەدەگرێت، جەستەی مرۆڤ ناوەندی وەرگرتنە، کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئەزمونی جیهانەکەی بکات، شتەکانی جیهانی دەوروبەری ببینێت و بۆنیان بکات و دەستیان لێبدات، لەڕوانگەی مرۆڤەوەیە، کە دەتوانێت لە هەریەك لە شتەکان و دیاردەکانی دەوروبەری وێنایەك بنیاتبنێت و سەرنجیان بخاتەسەر، ئەوەی سەردەمانێك بەلایەوە لە پێشەوە (foreground) بووە، سەردەمانێکی دیکە، لە پەراوێزو باکگراوندا دادەنرێت. بۆنمونە لەجیهانی دەوروبەرمان هەندێك ڕووداو، دیاردە و شت، کەس هەن، کە لەوانیتر خاوەنی بایەخی زیاترن، بەواتا ئەوانە لە ئەزمون و مامەڵەمان خاوەنی ڕۆڵێکی ناوەندیین و هەندێکی دیکەش دەکەونە پەراوێزەوە و گرنگییەکی کەمتریان دەبێت. ئەم سکیماوێنەییەش نە تەنها لە سنوری پەیپێبردنمان لە جیهانەکەمان دەمێنێتەوە، بەڵکو بۆ جیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی، ...هتد شۆڕدەبێتەوە. بۆنمونە مرۆڤ بەهۆی ئەزمونی خۆی، کە خاوەنی ئەندامی گرنگ و ناوەندیی وەك مێشك و دڵە، درك بەوە دەکات، کە هەندێك لە ئەندامەکان خاوەنی ڕۆڵی ناوەندی و بنەڕەتیین، هەروەها درك بەوە دەکات، کە هەمیشە بەشە ناوەندییەکان گرنگن و ئەوانەی دەوروبەری وابەستە بەو بەشە ناوەندییانەن. بەمەش بەهۆی ئەم ئەزمونە کۆنکرێتییانەوە، وێنەیەك لەئاوەزی خۆی بنیاتدەنێت، کە هەمان سکیمای (ناوەند- دەوروبەر)ە. بڕوانە نمونەکانی (3).

3أ-ئەگەر دڵی لەکاربکەوێت ناتوانن هیچ کارێکی بۆبکەن.

ب-یەکێك لە بەشە سەرەکییەکان ڕووەك، ڕیشەکەیەتی.

پ-لە کۆمەڵەی خۆردا، خۆر لە ناوەندایە و هەسارەکانی دیکە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە.

لە نمونەکانی (3)دا (دڵ، ڕیشەی ڕووەك، خۆر) لە ناوەندان و بەگوێرەی پێکهاتەکان ڕۆڵێکی گرنگتر دەبینن، کە لەم نمونانەدا نوێنەرایەتی(ئەندامەکانی جەستە، بەشەکانی دیکەی ڕووەك، هەسارەکان)دەکەن و لە دەوروبەردا هەڵکەوتون و ڕۆڵێکی تارادەیەک کەمیان هەیە. بۆ نمونە ناتوانین بەراوردی نێوان زیان بەرکەوتن و وەستانی (دڵ) بە (برین لە پەنجە)دا بکەین، چونکە بە وەستانی دڵ ئەندامەکانی دیکەی جەستەش لەکار دەکەون و مردنی بەدوادا دێت. لەمەشەوە قایلبون بەم تایبەتمەندییە بۆ دیاردە

ئەبستراكتەكان و دەربڕینی چەمكگەلێك لەشێوەی پەندی پێشینان وەک ئەم نمونەی (4)دا دەرەخسێنێت:

4-أ-ئەگەر سەر هەبێ، پێ چ نییە. (خاڵ:31)

ب-سەر هەبێت، كڵاو زۆرە.

پ-سەر بە قوربانی زگ. (نوری لەك، 2006: 66).

ت-سەر بدە، سڕ مەدە. (خاڵ: 243).

لە ئەزمونی هەر كەسێك، هەندێك دیاردە هەن، كە لە ناوەنددان، دەكرێت كۆنكریتی یان ئەبستراكتیش بن. سروشتی جەستەی مرۆڤ و ئەو سنورداركردنانەی، كە لەسەر پەیپێبردنەكانی جێبەجێدەكرێت، دەبێتەهۆی ڕێكخستنی سكیمای وێنەیی (ناوەند- دەوروبەر) لەجیهانی دەوروبەری. لە پەندی(4أ، ب)دا، (سەر) لە ناوەندی سەرنجدایە و (پێ، كڵاو) لە دەوروبەری دادەنرێت لەمروانگەیەوە ئەگەر ناوەند بونی هەبێت، دەوروبەر بەربەرست و كێشەساز نابێت. كەچی لە (4پ، ت)، (سەر) وەك ئەندامێكی جەستە لە دەوروبەر و(زگ، سڕ) لە ناوەندی سەرنج و گرنگیپێدانە، بۆیە فیداكردنی دیاردەیەكی ناوەندی و جێی بایەخ بۆ دیاردەیەكی دەوروبەری كارێكی نالۆژیكی دێتەپێشچاو، كە (سەر) لە (4پ، ت) فیدای ئەندامی دەوروبەری وەك (زگ)و دیاردەیەكی وەك (سڕ/نهێنی) دەبێت، كە ئەمەش دەكرێت جێگەی تێڕامان بێت.

**چەپ-ڕاست:** جۆری سێیەمی سكیمای فەزا بریتییە لە سكیمای(چەپ- ڕاست). مرۆڤ لەڕێگەی ئەزمونی دیاریكردنی ئاڕاستە بۆ خۆی و دیاردەكانی دەوروبەری خۆی، وێنەیەک لە ئاوەزیدا دروستدەكات، كە هەمان (سكیمای چەپ- ڕاست)ە. بەمەش دیاریكردنی ئاڕاستەكان لە ژیانی ڕۆژانەی تاكدا پڕبایەخ دەنوێنێت، وەك لە ناسینەوە و دیاریكردنی هەریەك لە ئاڕاستەكانی ڕاست و چەپ لەكاتی لێخوڕیندا. بڕوانە نمونەكانی (5).

5-أ- لە چوارڕێیانەكەدا بەرەو لای چەپ بسوڕێنەوە.

ب-ئاران بە دەستی چەپ دەنوسێت.

پ-گوێی ڕاستی ئازاری هەیە.

نمونەكانی (5أ-پ) هەموویان گرنگی و بەكارهێنانی هەریەک لە ئاڕاستەكانی چەپ و ڕاست نیشاندەدەن، كە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی جیایاندەكاتەوە. تەنانەت ئەم جیاكارییانە بەشێوەیەكی باو ڕۆڵیان لە پەیوەندی و ژیانی كۆمەڵایەتیاندا هەیە. بۆنمونە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆ دەرخستنی ڕێز بۆ بەرانبەرمان لەكاتی سڵاوكردن، بەدەستی ڕاست تەوقەدەكەین، جگە لەوەش لە كەلتوری كوردی لەڕوی ئاینیەوە، چەپ و ڕاست زۆر بەكارهێنراون، بەجۆرێک كە ئاڕاستەی چەپ بەزۆری وەک نیشانەیەكی خراپ و لایەنێكی نەرێنی بەكاردەهێنرێت و ئاڕاستەی ڕاستیش وەک نیشانەی بەختەوەری بەكاردەهێنرێت. لە قورئانی پیرۆزدا چەندین جار باسكراوە، (أصحاب اليمين) (ڕاست)دوای قیامەت چ كاتێكی خۆش و (أصحاب الشمال) (چەپ)یش چ كاتێكی خراپ و ئەشكەنجەیان لەپێشە. بەواتا ئەگەر لە بیروباوەڕی ئاینی بدوێین، وەک بەخشینی كارنامە/كردەوەی چاكەكاران بە دەستی ڕاست و خراپەكاران بە دەستی چەپ لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوا ئاڕاستەی ڕاست، تەواو و لۆژیكی و حاشاهەڵنەگر و ئاوەزمەندێتی ئەرێنی و ئاڕاستەی چەپ لایەنی ناتەواو و شیاوی گۆڕان و ئاوەزمەندێتی نەرێنی نیشاندەدرێت. هەروەها گرنگییەكی تایبەت بە ڕیزبەندی چەپ و ڕاست لە بنەماكانی وەک دەستنوێژ و شۆردنی مردووەكان دراوە، بەجۆرێك ئەگەر ڕەچاونەكرێن كارەكان بە نادروست دادەنرێت.

پەیوەست بەم لایەنەشەوە هەر لە تێگەیشتنی ئەمجۆرە ئەزمونە ماددییانەدایە، كە (سكیمای چەپ- ڕاست) لە ئاوەزی مرۆڤدا دروستدەبێت و قایلبون بەم تایبەتمەندییە بۆ حاڵەتە ئەبستراكتەكان و دەربڕینی چەمكەكان بەشێوەی پەندەكانی وەک نمونەكانی (6) دابیندەكات.

6-أ-ژن لە پەراسوی چەپی پیاو دروستكراوە.

ب-ئەم دەست موحتاجی ئەو دەست نەكەیت. (خاڵ:48).

پ-پەراسوی ژن لارە، ئەگەر ڕاستی بكەیتەوە، دەشكێت.

بۆ ئەوەی مرۆڤ لە چەمكە ئەبستراكتەكان تێبگات، پێش هەمو شتێک، مرۆڤ جەستەی خۆی دەكات بە بنەما و سكیمای وێنەیی (چەپ- ڕاست) دروستدەكات. ئەو شتانەی لەلای چەپ دانراون و ئەو شتانەی لەلای ڕاست دانراون. پێڕەوی زمانی كوردی لەڕوی نوسینەوە لەلای ڕاستەوە بۆ چەپە. بەمشێوەیە، ئاڕاستەكانی (چەپ- ڕاست)، وەک ئاڕاستەكانی سەرەوە بۆ خوارەوە، دەتوانن خاوەنی بەها بن. بەپێی (6أ) لەسكیمای وێنەیی چەپ دەتوانرێت بكۆڵدرێتەوە. دروستبون بۆ ژنان لەلای چەپ، دەیانخاتە حاڵەتی بەرانبەری پەیوەست بە پیاوان. لە دیدگای بەجەستەبون لەم نمونەیەدا، كە هاوكات هەڵقوڵاوی لایەنی كەلتوری كۆمەڵن، ژن وەک بونێكی ناتەواو و كەموكوڕی نوێنەرایەتی دەكرێت و ڕەنگدانەوەی سكیمای چەپگەراییە. بەوپێیەی لە جیهانی كەتواردا، هەرچی لەلای چەپ دادەنرێت، دەتوانێت هاوتایەكی لەلای ڕاستەوە هەبێت، وەک ئەندامەكانی جەستە، بۆیە لەم بەچەمككردنەدا دەتوانرێت پیاو لەلای ڕاستەوە بنوێنرێت. بەمشێوەیە پیاو هەمبەر بە ژن سكیمای ڕاست دەنوێنێت. باوەڕی ئایدیۆلۆژی پیاوێكی كامڵ و ژنێكی ناتەواو دەرئەنجامی ئەو جۆرە سكیماوێنەییەیە.

لە (6ب)دا هەرچەندە ڕوكەشییانە ئاماژە بە ئاڕاستەی (چەپ- ڕاست) نەكراوە، بەڵام بەپێی ئەزمونی جەستەییانەی تاكەوە، ئاڕاستەكان لەئاوەزیدا دەنوێنێت و جیاوازی نێوان چەپ و ڕاست هەستپێكراوە، بەمەش ئەندامەكانی لای ڕاستی مرۆڤ نواندنی هەستی باش و ئەرێنی دەكەن و ئەندامەكانی لای چەپ بەپێچەوانەوە دەبێت. هەروەها لە (6پ)دا سكیمای وێنەیی(ڕاست- چەپ) لەم نمونەیەدا دەتوانرێت وەک ڕاست- لار هەڵبسەنگێندرێت. (لار)بون ئاماژەیە بۆ ناتەواو و جێی متمانەنەبون. لەم پەندەدا تایبەتمەندییەكی وەك (ناڕاست بون)ی ژن لە بنەڕەتدا و بەشێوەیەكی چاكنەكراو نوێنەرایەتی سكیمای چەپ بۆ ژن دەكات. ئەمجۆرە تێڕوانینە بۆ ژنان، دەیانخاتە بەرانبەر ئەو پیاوانەی، كە وەک ڕاست و تەواو نوێنەرایەتی دەكرێن و پێویستیان بە گۆڕانكاری نییەو بەمشێوەیە پیاوان سكیمای وێنەیی ڕاست دەنەخشێنن.

**پێشەوە- دواوەوە:** لەم سكیما وێنەییەدا مرۆڤ جەستەی خۆی دەكاتە پێوەر، لە جیهانی كەتواردا ئەگەر مرۆڤ لە پێشەوە بێت، لە هەمان كاتدا ڕێنمایی خەڵكی پشتەوە دەكات، ئەوا بەشێوەیەكی بابەتیانە و بەتەواوی چاودێری ڕوداوەكان دەكات و ئەگەر لە پشتی كەسێكەوە بجوڵێت ئەوا دیدگای تەواونابێت و هەمیشە پێویستی بە كەسێکە، كە لە پێشی بێت بۆ ئەوەی درێژە بە ڕێگاكە بدات. بۆیە بە پشتبەستن بەخۆی ڕێگاكە دەبڕێت یان وابەستەی ئەو كەسەیە لە پێشەوەیەتی و بەربەستە. بەمەش لەسەر بنەمای ئەم ئەزمونانەی، مۆدێلێك لەئاوەزی بنیاتدەنێت، ئەوەش سكیمای (پێشەوە-دواوەوە)یە. بڕوانە نمونەكانی(7).

7-أ-ئۆتۆمبێلەكەیان لە پێش نۆرینگەكە ڕاگرتووە.

ب-ئاگاداربە، كەم بەرەو دواوە بڕۆ، توشی پێكدادان دەبیت.

بەسەرنجدان لەنمونەكانی (7أ-ب)دا جوولەی شتێك، كەسێك بۆ پێشەوە یان دواوەوە تێبینیكراوە، لەمڕوانگەیەوەو دەرئەنجامی ئەزمونكردنی حاڵەتی لەمشێوەیە لە (7أ-ب)،

کە ئەم چەشنە سکیماوێنەییە لەئاوەزی مرۆڤدا چێوەدەگرێت، دەتوانێت بۆ بابەتی ئەبستراکتیش جگە لە دیاردە کۆنکرێتییەکان بیگشتێنێت. بۆ ئەمەش بڕوانە نمونەکانی پەندی پێشینان لە (8أ-ب).

8-أ-بەدەست بیدە و بە پێ دوای کەوە. (خاڵ:77)

ب-چاوی بڕییە پشتی سەری.

پ-دەستێکم کەوتە پێش، دەستێکم کەوتە پاش.

لە (8أ- ب)دا بۆ (دەست) لە (8أ)و بۆ (چاو) لە (8ب)دا بارودۆخێکی شوێنی/فەزایی لەبەرچاوگیراوە، پاشان شوێنی(پێ)لە(8أ)و(پشت) لە (8ب) بەگوێرەی (دەست)و (چاو) دەپێورێت و (پێ) لە پێشەوە یان دوای (دەست)و (چاو) لەپێشەوەی (پشت)دادەنرێن، بەمەش بەهۆی سکیمای وێنەییەوە چەمکێکی میتافۆرییانە لە چوارچێوەی (پێشەوە و دواوەوە) دەخرێتەڕو.

**نزيك- دور:** مرۆڤ لەڕێگەی ئەزمونی پێوانەکردنی پێگە و دوری خۆی لەگەڵ دەوروبەری و بە بەراوردکردنی مەودای دیاردەکان لەگەڵ یەکتر، وێنە لەئاوەزیدا دەخولقێنێت، کە هەمان سکیمای (دور- نزيك)ە. لەنمونەکانی(9)، کە گوزارشت لە ئەزمونی کۆنکرێتی مرۆڤ دەکەن، ڕادەمێنین.

9- أ- ماڵی باوکی زۆر دورە.

ب- مزگەوتی تەقوا نزیکی قوتابخانەکەمانە.

نمونەکانی (9أ- ب) دوری (ماڵی باوك) و (مزگەوت) لەڕوانگەی ئاخێوەرەوە نیشاندەدەن. بۆیە ئەزمونی تێگەیشتن لەم پێکهاتەی (دور- نزیک)ە لە دیاردەکانی دەوروبەرمان، کە سکیمای (دور- نزیک) لە ئاوەزی مرۆڤدا پێکدەهێنێت و وادەکات بتوانرێت ئەم تایبەتمەندییە بگەڕێنرێتەوە بۆ شتە ئەبستراکتەکان و دەربڕینی چەمکگەلێك بەشێوەی پەندی پێشینان وەک لەنمونەی (10)دا دیارە:

10أ- خۆی لێرەیە، کلکی لە بەغدا تۆز ئەکا.

ب- ڕێوی دەمی نەگەیشتە ترێ، ئەیوت ترشە.

پ- مانگ دیارە حەوەجەی بە پەنجە نییە. (خاڵ:179، 226، 376).

تەرزی درکپێکردنی (10أ) بەوشێوەیەیە، کە بە نزیکبونەوە لە دیاردەیەک، دەتوانێت لە وردەکاری زیاتر لەو دیاردەیە تێبگەیت و تا دورتر بیت وردەکارییەکان بێهێزتر دەبن، بۆیە لە هەندێک حاڵەتدا وەک پەندی (10أ) دوربون باشترە. (10ب) میتافۆرییانە، دوربونی کەسێك لە شتێك دەخاتەڕو. (10پ) چەمکێکی ئەبستراکت لە مەودایەك لەگەڵ کەسێك وێنادەکات.

**بەریەککەوتن:** یەکێک لەجۆرەکانی سکیمای فەزا بریتییە لە سکیمای بەریەککەوتن. مرۆڤ بەهۆی بەریەککەوتنی فیزیکی لەنێوان تەن و شتەکان، هەروەها مرۆڤەکاندا لەگەڵ یەکتردا، وەك دەست لێدان لە کەرەستە، تەوقەکردن و دەستدان لە تەنێکی بێگیان مۆدێلێك لەئاوەزیدا چێوەدەگرێت، کە هەمان سکیمای بەریەککەوتنە. بەواتایەکی دیکە جەستەی مرۆڤ جگە لە قەبارەی ناوەوە، فەزای دەرەکیشی هەیە، کە هەمان ڕوبەری جەستەی پێکدەهێنێت. کاتێک دو کەس بەریەکتر دەکەون، ئەم بەرکەوتن و پێکدادانە لەسەر ڕوی جەستەوە ئەنجامدەدرێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەنمونەی (11) ڕادەمێنین.

11- خۆڵێکی زۆر لەسەر شوشەی پەنجەرەکە نیشتووە.

لە(11)دا درکپێکردن بە بەریەککەوتنەکە لەنێوان (شوشەی پەنجەرە) و (خۆڵ)دا ڕویداوە. وەک ئاماژەپێکرا لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر ئەزمون هەیە سەبارەت بە سکیمای بەریەککەوتن و ئەم ئەزمونە ماددیانە یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ بەکارهێنانی ئەم سکیمایە لەحاڵەتە ئەبستراکتەکاندا وەک لە نمونەی پەندی پێشینانی (12)دا دەردەکەوێت.

12- أ-دەست لەدەست، قوەت لە خوا./ دەستیان لە دەستە تۆیان مەبەستە.

ب-چاو بە چاو ئەکەوێ و ڕو بە ڕو.

پ-لەڕیشم هەڵگرم، ئەیخەمە سەر سمێڵم. (خاڵ: 191، 195، ، 152،353).

ت-دنیای بە دەست و دەم گرتووە.

بە بەراورد بە (11)، کە درکپێکردنی تاك بۆ سکیمای بەریەککەوتن لەدیاردەی فیزیکیدا ڕویداوە، لە (12أ)دا (دەستەکان) و لە (12ب) (چاوەکان، ڕو) بەریەکتر کەوتون، پەیوەست بە (12پ) لەبەشی دووەمی پەندەکەدا بەریەککەوتنەکە لەنێوان (گوزەرانی ماڵ) و (سمێڵ)دا بنیاتنراوە و بە یەکترەوە بەستراونەتەوە، لە (12ت)دا لەنێوان (دنیا) و (دەست و دەم) بەریەککەوتن بەدیدەکرێت وەك دیاردەیەکی ئەبستراکت، بەمەش بەریەککەوتن بەشێوەیەکی زۆر بڵاو لە سکیماوێنەییەکاندا بڵاوبۆتەوە و ئەنجامی درکپێکردنی مرۆڤ بە دیاردە ئەبستراکتەکانە. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە ئاساییە ئەگەر بەریەککەوتن لەنێوان دو دیاردە و کەرەستەی فیزیکی یان لەنێوان دو دیاردەی ئەبستراکتدا ڕوبدات.

**ستونی:** جووڵەی ستونی بریتییە لە جووڵە بە درێژایی هێڵێکی ڕاست، ئاڕاستەی جووڵەکەش بەشێوەیەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، کە پێیدەگوترێت وێنای وێنەیی دابەزین، یاخود دەکرێت بەپێچەوانەوە بێت، کە پێیدەگوترێت سکیمای وێنەیی بەرەو سەرەوە، بەمپێیە بێت سکیمای وێنەیی ستونی ڕاست شوێنی ڕادەی (ڕێژەیی) وەک بەرز/نزم و بەرز و خوارەوە بەشێکن لە سکیماوێنەییەکە بە هەمان شێوە ئاڕاستەی ستونی و جووڵەی داینامیکی سەرەوە و خوارەوە بەشێکن لە سکیماوێنەییەکە. (حمە حسین، 2023: 92). بڕوانە (13).

13-أ-ئاستی ئاوی بەنداوی دوکان دابەزیوە.

ب-شوکر شەکرەکەی دابەزیوە.

لە (13أ-ب)دا دابەزینی (ئاو، شەکرە) بەشێوەیەکی ستونی کاردەکات، واتە (ئاو، شەکرە) بەشێوەیەکی ستونی دابەزیون و درێژبونەتەوە هاتونەتەخوارەوە، بەمشێوەیە سکیمای وێنەیی ستونی لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، وەك لەنمونەکانی (14) لە پەندی پێشیناندا دەردەکەوێت.

14-أ-خوار دانیشە، ڕاست بڵێ.

ب-ژێر بەندە زبان، ژێر دیزە، ئاگر.

پ-لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە. (خاڵ: 173 ،238،358).

ت-ژن ئاقری لە کۆشیە. (نوری لەك: 34).

لەنمونەی (14أ، پ)دا مرۆڤ بەشێوەیەکی ستونی دێتەخوارەوە. لە (14ب)مەبەست لە سکیمای ستونی، ئاڕاستەی ژێرەوە پەیوەست بە زمانەو لە (14ت) درکپێکردنێکی نەرێنییانە بۆ کەسایەتی و بیرکردنەوەی ژن بەهۆی سکیمای ستونی ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەش بە بەستنەوەی ژێری ژن بە دابەزین بە شێوەیەکی ستونی و بەرەو (کۆش). بەمشێوەیە دەکرێت سکیمای ستونی لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا (فیزیکی و نافیزیکی) ڕەنگبداوەتەوە.

**ڕاستەوخۆ/ ڕاست:** سکیمای وێنەیی ڕاستەوخۆ/ڕاست چەشنێکی سکیمای فەزایە، ئەم مۆدێلە ئاوەزییە چۆن لەئاوەزی تاکدا چێوەدەگرێت؟مرۆڤ زۆرجار بۆ ئەو کەرەستەو دەربڕینانەی، کە ڕاستن بەکاریدەهێنێت، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەگەڵ ئیش و کارەکانیدا دەڕوات وەك لە تێگەیشتن و کاری کۆمەڵایەتیاندا. لەمەشەوە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp97-105

مرۆڤ دەتوانێت سـکیمای وێنەیی ڕاسـت لە ئەزموونی جووڵەی جەسـتەیی خۆیەوە چنگ بکەوێت. بۆزیاتر بڕوانە (حەمەحسین، 2023: 98-99). بڕوانە نموونەی (15).

15-أ-ڕاستەوخۆ قسەی دڵت بڵێ.

ب-بێ پێچ و پەنا قسەی ناخت بکە.

مەبەست لە (15) پەیوەست بە سکیمای ڕاست ئەوەیە، کە ڕاستە و ڕاست قسە و مەبەستی ناخی دەربڕێت، واتە وەک چۆن هێڵێکی ڕاست هەیە، با قسەی دڵ واتە ناخ بەهەمان شـێوە بن. کەچی لە (15ب) (پێچ وپەنا) بەربەسـتێکی لە گەیاندنی قسەکان بە گوێگر بەشێوەیەکی ڕاست دروستکردووە. ئەم حاڵەتەش لە پەندێکی وەك (16) ڕەنگیداوەتەوە.

16- ڕیخۆڵەم ئاڵاوە بە پێم، ناتوانم بڕۆم. (خاڵ:225).

لە (16)دا درکپێکردن بە (پێچ وپەنا)یی لەڕێگەی (ئاڵاندنی ڕیخۆڵە بە ئەندامێکی جەسـتە وەك پێ) بووەتە بەربەسـت لە جووڵەکردن، واتە هێڵەکە ئەگەری خراوەتە بەردەم و ڕاستەوخۆ نەگەشتووەتە ئەنجام.

#### 4-2 .سکیمای وێنەیی جووڵە:

ئەم چەشـنە سـکیمای وێنەییە، کە (ئیڤانز و گرین) خسـتویانەتەڕو، سـکیمای وێنەیی جووڵەیە. مرۆڤ لەئەنجامی ئەزموونی لە جووڵەی خۆی و دیاردە فیزیکییەکانی دیکەی دەوروبەری هەوڵدەدات چێوە بەو سـکیماوێنەییانە لەو جووڵە فیزیکییانە لەئاوەزیدایە، بدات و بۆ ئەو دیاردانەی، کە نابەرجەسـتـەن بەواتا فیزیکی نین، ئەم تایبەتمەندییە لەبەرچاوبگرێت و ئەم وێناکردنەش بۆ دیاردە ئەبسـتراکتەکان بگوازێتەوە. بەسـەرنجدان لە هەر جووڵەیەک، تێبینیدەکەین جووڵەکە بەپێی سێ خاڵ ڕوودەدات، کە بریتییە لە سەرەتا و ڕێڕەوێک و کۆتاییهاتنی خاڵەکە، کە ئەو جووڵەی پێدا تێدەپەڕێت، بۆنموونە ئەگەر لەخاڵی (أ) بۆ خاڵی (ب) بجووڵێین، ئەوا بە سـەرجەم ئەوخاڵانەدا تێدەپەڕین، کە لەنێوان هەردوو خاڵەکەدا هەیە. جگە لەمەش دەکرێت ڕێڕەوەکە، ڕەهەندی کاتی لەسـەر نەخشـەکێشرا بێت.(Johnson, 1987:115). بەواتا بۆ تێپەڕاندنی خاڵەکانی (أ) بۆ (ب) پێویست بە کاتێکی دیاریکراو دەبێت. لەخشـتەی (1)دا دو جۆری ئەم سکیماوێنەییەدا خراوەتەڕو، توێژینەوەکە شرۆڤەیان بۆدەکات.

**2-4-1. سـەرچاوە- ڕێڕەو- ئامانج:** بەپێی ئەوەی لە (2- 4) خرایەڕو، دەتوانرێت بگوترێت مرۆڤ بەهۆی ئەزموونی جووڵەی خۆی و لەڕێگەی چاودێری جووڵەی دیاردەکانی دیکە، کە لە خاڵێکەوە دەسـتپێدەکات (سـەرچاوە)و بەرەو خاڵێکی تر دەچێت بەناوی (مەبەسـت)و لەم میانەیەشـدا بەخاڵە نێوەندییەکاندا تێدەپەڕێت (ڕێڕەو)، سـکیمای وێنەیی (سـەرچاوە-ڕێڕەو- ئامانج) لەئاوەزیدا چێوەدەگرێت. بڕوانە نموونەکانی (17) دەرخەری ئەزموونی فیزیکین.

17- أ- تۆ کەی ئێرانت بەجێهێشت. (سەرچاوە)

ب- من بۆ هەولێر سەفەرمکرد. (ئامانج)

پ- هەڵۆ لەهەولێرەوە بۆ ئەستەنبوڵ سەفەریکرد. (سەرچاوە- ئامانج).

ت-هەڵۆ لەهەولێرەوە بەڕێگای ئاوییەوە بۆ ئەستەنبوڵ سەفەریکرد. (سەرچاوە-ڕێڕەو-ئامانج).

بەسەرنجدان لە نموونەکانی (17- ت) دەبینرێت، کە لە هەموویاندا ڕێڕەوێک، لەگەڵ جووڵەیەك بونی هەیە، کە جووڵەکە بەو ڕێڕەوەدا دەڕوات، لە (17أ)دا ئاخێوەر لە( ئێران)ە وە، دەستی بە گەشتکردن کردووە، واتە سەرچاوە بریتییە لە (ئێران) لە (17ب)دا مەبەست لە سەفەرکردنی ئاخێوەر ڕۆیشتنە بەرەو شوێنێك، کە ئەویش (هەولێر)ە، لە (17پ)دا، سەرچاوەی سەفەرکردنی (هەڵۆ)، (هەولێر)ە، ئامانجەکەشی بەرەو (ئەستەنبوڵ)ە. هەروەها لە (17ت)دا هەرسێ لایەنی جووڵەیی (سەرچاوە/واتە هەولێر-ڕێڕەو/لەڕێگای ئاوی- ئامانج/ ئەستەنبوڵ) بەدیکراوە. ئەگەرچی جووڵەکان فیزیکین، بەڵام دەکرێت لە هەرسێی جووڵەکان فیزیکی نەبن، بەڵکو لە ئەزموونی فیزیکییەوە وەرگیرابن، وەک ئەوەی لەنموونەکانی (18)و لە پەندی پێشینانی دەخرێنەڕو.

18- أ- خۆت لەدەست چویت، خوا ڕەحم بە منالت بکات. (سەرچاوە).

ب- دەستی خێری نایەسەر. (ئامانج).

پ-هەر قسەیەك لە دڵ دەرێ، لە دڵا جێگە ئەگرێ. (سەرچاوە- ئامانج)

لە (18أ) (دەسـت) خاڵێکی سـەرەتایە (سـەرچاوە)، کە کەسـەکە جووڵەکەی لەوێدا دەسـتپێدەکات. هەروەها لە (18ب) جووڵە لە (دەسـت)ە وە، دەسـتپێدەکات بەرەوە ئامانج، کە (سـەر)ە، و بەواتای زیان پێگەیاندنی دێت. لە (18پ) لەبەشی یەکەمی پەندەکەدا (دڵ)، سـەرچاوەی جووڵەیە و هەر لەبەشی دووەمیشـدا (دڵ)ە، کە بە ئامانج دانراوە و بۆ تێپەڕکردنی ئەم مەودایە، پێویسـتە ڕێڕەوێك تێپەڕبکرێت، لەم نموونەیەدا چۆنییەتی وەرگرتن و قبوڵکردنی ئەو قسەیە، بەواتا گونجاوبونی قسە، دەکرێت بۆ (ڕێڕەو) پێشـبینیکراوبێت. لەمڕوانگەیەوە مرۆڤ ئەوەی لە سـەرچاوە، ڕێڕەو، ئامانجی جووڵەیەك ئەزمونکردووە، لە درکپێکردنی بۆ چەمکە ئەبسـتراکتەکانیش شۆڕدەبێتەوە.

**2-4-1-1. هێزی جووڵەیی:** یەکێك لە چەشـنەکانی سـکیمای وێنەیی جووڵەیی، هێزی جووڵەییە. هەر دیاردەیەك بۆ دەسـتپێکی جووڵە یان گۆڕانکاریی لە بارودۆخیدا پێویستە خاوەنی هێزی جووڵەیی بێت و بەکاریبهێنێت. بڕوانە نموونەکانی (19).

19-أ- بۆ ئەوەی گڵۆپەکە ئیشبکات، پێویستە سەرەتا دایگیرسێنیت.

ب- منداڵێکی پڕ وزەیە، زۆر دەجووڵێت.

پ-زیاتر لە6کاتژمێرە ئیشدەکات، وزەیەکی بۆ نەماوەتەوە.

لە (19أ) بۆ ئەوەی (گڵۆپ)ێك دابگیرسێت، پێویستی بە هێزی جووڵەیە و ئەوەش لەڕێگەی (وزەی کارەبا)ەوە، ڕوودەدات. هەروەها (19ب) هێزی جووڵە بۆتەهۆی چالاکبون و لە (19پ) ئەو هێزی جووڵەیەی بۆ ئەنجامدانی کارەکان بونی هەبووە، دوای ئەنجامدانی کارێکی بەرەو نەمان ڕۆیشتووە و پێویست بە پشو و دوبارە کۆکردنەوەی وزە دەبێت. مرۆڤیش بەهۆی ئەزمونێك، کە لە ئەنجامی کرداری هێزی جووڵەیی بووە و ئەنجامەکەشی جووڵەیە، سکیمایەك لەئاوەزی بنیاتدەنێت، ئەویش سکیمای وێنەیی هێزی جووڵەییە. ئەزمونی تاك لە درکپێکردن بەم سکیماوێنەییە، بۆ درکپێکردنی چەمکە ئەبستراکتەکان شۆڕیدەکاتەوە. بڕوانە نموونەکانی (20) لە پەندی پێشینانی زمانی کوردی.

20-أ- تا دەستی نەکەوێ لە گ..نی، نازانێ نێرە.

ب- تا نەیچەشێ، نایزانێ.

پ- دە بدە و هەشت بگرە مشت.(خاڵ:129، 131، 187).

ت- چاو هەموو شتێك ئەبینێ، تەنها خۆی نابینێ.

ج- دەستی لەهەموو پنچێکا برایە.

چ- دڵی کەسی بەخۆوە نەهیشتووە.

ح- سەری بێ ڕسق لەبن گڵی دایە.

خ- دەستمان ناگاتە چمکی کەواکەت.

د- سەرو پێیە، پێ خۆش ناکرێ.(نوری لەك: 68، 84، 56، 61، 83، 66 ).

ڕ- دەستی ماندو لەسەر زگی تێرە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp97-105

لەنموونەی (20أ) (دەست) وەك ئامرازێكی جێبەجێكاری هێز و زاڵبون بەسەر دیاردە و ڕوداوەكان دانراوە. پەیوەست بە (20ب)، لە (چەشتن) درك بە جۆرێك جووڵە دەكرێت، كە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێكی گونجاو یان نەگونجاو پێویستە جووڵەیەك روبدات، توێژینەوەكە گرێمانەی بەخشكەیی بوونی (هێزی جووڵە) لەم نمونەیەدا دەكات. هەمان ڕاستی (20أ،ب) بۆ (20پ) دەگونجێت. لە (20ت)دا و بەشی یەكەمی پەندەكە (چاو) وەك ئەندامێكی جەستە خاوەنی هێزی جووڵەیە بۆ ئەنجامدانی كارێك، كە (بینینی هەموو شتێك)ە، بەڵام هەر لەبەشی دووەمیدا، ئەو هێزی جووڵەیەی لەدەستدەدات و بێتوانا دەبێت لە بینینی خۆی، واتە نەبینینی خۆی پەیكاڵە لەگەڵ (نەبینینی كەموكوڕی خۆی). لە (18ج، چ، ح)دا، (دەست)، (دڵ)، (سەر) پەیكاڵن لەگەڵ نەبوونی هێز بۆ ئەنجامدانی كار و پرۆسەیەك. بەمەش درك بە هێزی جووڵەی (دەست، زمان/چەشتن، مشت/دەست، دڵ، سەر) وەك ئەندامی جەستە بۆ جێبەجێكردنی هێزی جووڵە و ئەنجامدان یان بێتوانایی و نەبونی هێزی جووڵە لە ئەنجامدانی كارێك لەنمونەكانی (20)دا دەكرێت.

## ئەنجام:

1-جەستە یەكێكە لە سەرەتاییترین ئەو كەرەستانە، كە مرۆڤ ئەزمونیدەكات. ئەزمونی جەستەیی گشتگیرە و دەتوانرێت بە شێوازی جیاواز لەنێوان نەتەوە جیاوازەكاندا بەكاربهێنرێت بۆ بەچەمككردنی هەندێک بواری ئەبستراكت. ئەندامەكانی جەستە، وەک چەمكێكی كۆنكرێتی، كە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە ئاشناییەكی ڕێژەیی لەگەڵیاندا هەیە، لە مەودای ئەبستراكتردا وەک: هەست، خۆشەویستی، هەژاری...هتد ڕۆڵیان هەیە. پەندی پێشینان لە زمانی كوردیدا بەهۆی نەخشە و سكیمای وێنەی تایبەت ڕەنگدەدەنەوە، كە پاشخانێک بۆ بەچەمككردن و دركپێكردن لە ئەندامەكانی جەستە دروستدەكەن.

2- چۆنییەتی كاركردنی ئەندامەكانی جەستە پەیوەست بە سكیمای وێنە، لە پەندی پێشینانی زمانی كوردی، ئەزمونی كۆنكرێتی بەكارهێنانی ئەندامەكانی جەستە لە ژیانی ڕۆژانەدا، مۆدێلێكی سەرەكی گواستنەوەی چەمكە ئەبستراكتەكانە لە چوارچێوەی سكیماوێنەییەكان.

3- بەوشێوەیەی مرۆڤ لە ئەندامە جیاوازەكانی جەستەی بۆ ئەنجامدانی دیاردەی فیزیكی و مادییەكانی خۆی وەك دەستنیشانكردنی ئاڕاستەكان( سكیمای وێنەیی فەزا و بەشەكانی) بە هەمان ڕێژە سكیمای وێنەیی ئەبستراكت لەو چەمكانە لەناوەزی خۆیدا دەخولقێنێت. بەمەش پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕێژەی دوبارەكردنەوەی سكیماوێنەییەكان و بڕی بەكارهێنانی ئەندامەكانی جەستە لە مامەڵە و كارلێككردنی ڕۆژانەدا بونی هەیە.

4-ناتوانرێت سنورێكی دیاریكراو و ڕون لەنێوان سكیماوێنەییەكان دیاریبكرێت، چونكە سكیماكان مۆدێلگەلێكی ئەبستراكتن، كە لە ئەزمونی هەستەكییەوە سەرچاوەدەگرن، كە لەهەمانكاتدا دەتوانن لە چەندین ئەزمونی هەستەكییەوە سەرهەڵبدەن، لەمەشەوە لە چەمكێك یان پەندێكی پێشینان دەتوانرێت پێشبینی چەند جۆرێكی سكیمای وێنە بكرێت.

## سەرچاوەكان:


حەمەحسێن، شاهۆ صالح (2023)، دركپێكردنی وێنای وێنەیی وشەی لێكدراو لە ڕێزمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

خاڵ، شیخ محمد (1969)، پەندی پێشینان، منتدى اقرا الثقافي.

قادر، كاروان عومەر (2012)، سیستەمی دركپێكردن وەك بنەمایەكی ڕێزمانی كوردی، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە34.

محمد، كژاڵ جمابخش (2024)، ئاوەزمەندی و دركپێكردنی سیمانتیكی دەربڕاوەچەسپاوەكان لە زمانی كوردیدا، نامەی دكتۆرا، زانكۆی گەرمیان.

نوری لەك، هوشیار (2006)، گوڵبژێرێك لە پەندی كوردی، چاپخانەی چوارچرا.

استرنبرگ،رابرت (1392)، روانشناسی شناختی، ترجمه سید كمال خرازی و الهه حجازی، انتشارات سمت و پژوهشكدەی علوم شناخت تهران.

اونگرر.ف؛ اشمیت، ه، ی (1397)، مقدمەای بر زبان شناسی شناختی، ترجمه، ج، میرزابیگی، نشر آگاه، تهران.

ذوالفقاری، حسن (1392)، فرهنگ بزرگ ضرب المثلهای فارسی، چاپ اول، نشر علم، تهران.

قائمی‌نیا، علیرضا (1390)، معنی‌شناسی شناختی قرآن، پژوهشگاه فرهنگ و اندیشه-ی اسلامی، تهران.

مهند، محمد راسخ (1379)، درآمدی بر زبان شناسی شناختی، سمت، تهران.

مهند، محمد راسخ (1386)، اصول و مفاهیم بنیادی زبان شناسی شناختی، مجله بخارا، شماره63.

Evans, V & Green, M. (2006). Cognitive Linguistics: An Introduction. Edinburgh University Press.

Gibbs, Jr, W. Raymond, M. D. Johnson, and H. L. Coiston (1996). How to study proverbunderstanding, Metaohor & symbol, vol. 11, Issue 3.

Gibbs, R.W. Jr. (2017). Embodiment. In B. Dancygier (Ed.), The Handbook of Cognitive Linguistics (pp. 449-462), Cambridge: Cambridge University Press.

Johnson, M. (1987). The body in the mind: the bodily basis of meaning, Reason and Imagination, Chicago: Chicago University Press.

Kimmel, M. (2009). Analyzing image schemas in literature. Cognitive Semiotics,5(9): 159-188.

Lakoff, G. (1999). Philosophy in the Flesh: The Embodied Mind and Its Challenge to Western Thought. New York: Basic Books.

Turner, M (1996). The Literary Mind. Oxford: Oxford University Press.